# ئاوڕدانەوەیەك لە مەرگی پیاوێك. .

# ئاوڕدانەوەیەك لە ڕێبازێك. .

دیار عەبدول

پاش دەستەو یەخەییەکی توندی یەکسالّیی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەدا، ڕۆژی 4 ی ئەم مانگە"مەنسوور حیکمەت" ئۆپۆنێنتی ناسراوی ئێرانی و سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران گیانی لە دەست دا. .

ڕاستییەکەی نەدەبوو بۆ ئێمە مەرگی ئەم پیاوە بەو شێوەیە هەروا ڕووداوێکی تێپەڕ بووایە و تەنها وەک هەواڵێکی هەتیو کەوتوو لە ستوونێکی چەند دێریی چەند ڕۆژنامەیەکەوە بلاو بکرێتەوە. ئێمە بێ ئەوەی بزانین خەریکە سیاسەتی باو یان دروستتر بلّێین سیاسەتی زاڵی ناو کۆمەڵگا و هەستی دەمارگیریی بۆ ئینتیما نەتەوەیی و ئایینی و حیزبییەکانمان گەماڕۆی مێشکی ڕەخنەگرانەمان دەدا و بەرچاوی ڕۆحییەتی ئازادیخوازیمان لیّل دەکات. چاوخەواندنمان لە ئاست ئەو ناوە ئازادیخوازانەدا کە بە سەهمی خۆیان هەرکات لە بیری جوانکردنی دنیاکەماندا بوون دەشێ یەکێک لە نیشانەکانی ئەم دەردە بێت. .

لە دونیایەکدا کە ناعەدالەتیی کۆمەلآیەتیی بە ڕیشەیدا چۆتە خوارێ، لە دونیایەکدا کە بەندو بەستی ژێر بە ژێر و دیبلۆماسیەتی نهێنی خوویەکی موزمینی سیاسەتمەدارانە، لە دونیایەکدا کە سیاسەتی هەوڵدان بۆ پچڕینی بەشی زیاتر و زیاتر بۆ وولآت و نەتەوە و ڕەگەزی خۆ، شەرعییەتی هەیە و بە شەرم چاو لێناکرێ، لە سەردەمێکی وەهادا مەنسوور حیکمەت یەکێک بوو لە ڕووە ئازادیخوازە بەرجەستەکانی نێو سیاسەتمەدارانی ئەم ناوچەیەی ئێمە کە تاسەر لە خەباتی لە پێناو دادوەریی کۆمەلآیەتیدا نەقاوەتی سیاسیی خۆی پاراست و نزیک بە چارەکە سەدەیەک ڕاستگۆیانە جەنگا.

نەدەبوو ئێمە مردنی ئەم پیاوە تەنها وەک مردنی کەسێکی ئایدۆلۆژیستی حیزبیی چاو لێ بکەین، کە بە ئاوابوونی زەبرێک تەنها وەبەر ئەو حیزب و ئەو ئایدۆلۆژیایە ئەکەوێ کە نوێنەرایەتیی ئەکات و دلّی نەیارانیشی خۆش ئەکات. ڕەنگە ئێمە لە هەلّوێستێکی لەم چەشنەدا بێ ئەوەی پێ بزانین دەرمانخواردووی سیاسەتی هەندێک لەو نەیارانەی بووبین. بە مانایەک ڕەنگە ڕەت کردنەوە و لا لێ نەکردنەوەی ئەم کەسە لە ژێر ناوی ڕەت کردنەوەی ئینتیما ئایدۆلۆژییەکەیدا بێ ئەوەی بمانەوێ خۆی لە خۆیدا هەلّوێستێکی ئایدۆلۆژی بێت. .

پاش هێور بوونەوەی شەپۆلەکانی ئەو شەڕە ساردە هەردەم گەرم ڕاگیراوەی لە جیهاندا دژ بە مارکسیزم جاڕ درابوو، کە بە دەوری خۆی نەقشی کارای هەبوو لە ڕەش کردن و ناشیرین کردنی وێنەی مارکسیزم لە زهنی هەر یەکێکمانا، ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئێمە خۆمان لە خلّتە و تەرەسوباتی ئەو ڕۆحی کینەتۆزییە بێ مانایە و ئەو حەساسییەتە کوێرانەیە کە شەڕی سارد تیای چاندین پاک بکەینەوە و بە ئاوڕلێدانەوەیەکی هێمنانەتر، بە سەنگ و سووکێکی مەنتیقیی تر و زانستیی تر، بنەماکانی بیری مارکسیزم هەلّسەنگێنینەوە، نەخاسمە وەک بینیمان جیهانی



www.kurdistannet.org

پاش ئەو شەڕە بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانی و گفتەکانەوە جیهانێکی پڕ کێشەتر و نا عادیل تر کەوتەوە.

گەر بە وردبوونەوەیەکی تۆزێ زیاترەوە سەرنج بدەین دەتوانین دەستنیشانی جیاوازییەکی چلۆنایەتیی گەورە لە نێوان گوتاری فەلسەفەی سیاسیی مارکسیزم و هەر گوتارێکی فەلسەفیی و سیاسیی تردا بکەین، ئەویش ئەوەیە کە مارکسیزم بەر لەوەی تیورییەکی وەسفیی ئەپستمۆلۆژی بێت، تیورییەکی شۆڕشگێرانەیە بۆ گۆڕینی جیهان و نەهێشتنی بێ مافیی و خستنەوەی دادوەریی کۆمەلایەتیی. مارکسیزم لە خاڵی گێڕانەوەی مافی زەوت کراوی قوربانیانی ناعەدالەتیی کۆمەلایەتییەوە دەست بە داڕشتنی فەلسەفەی سیاسیی خۆی دەکات و کەوتنەوەی دادوەریی کۆمەلایەتییش دەکاتە ستراتیژی بنەڕەتیی خۆی.

ناعەمەلیی بوونی ئەو میکانیزمەی مارکس بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەستنیشانی دەکات، مەحاڵ بوونی ئەو فۆرمی دەسەلاتە و ئەو پەیوەندی بەرهەمهێنانەی بۆ کۆمەلگای کۆمۆنیستیی دەیبینێ، هیچیەک لەمانە مانای نادروست بوونی جیهانبینیی ماتریالیزمیی نییە، هەروەک چۆن مانای ڕەوابوونی جیاوازیی چینایەتیی، یان بە زەروورەت مانای ڕاست و دروستیی جیهابینیی فەلسەفیی دژایەتییکەرانی نییە، وەک چۆن سالانێکی درێژ سەرپاکی گەلانی جیهانی ئیسلامیی، ئێستاشی لەگەلدا بێت، بە وەهمێکی وادا برابوون.

سەرنەگرتنی ئەزموونی سیستەمی سۆشیالیستیی لە ڕوسیا و ولاتانی بلۆکی ڕۆژهەلاتدا دەکرێ زیاتر مانای یۆتۆپیا بوونی یان هەر هیچ نا، دوورەدەستبوونی خەونی دادوەریی کۆمەلایەتیی بگەیەنێ تا نائینسانیی بوون و ناعادیلیی پرەنسیپەکانی مارکسیزم. ڕووخانی ئەزموونی کۆمۆنیستیی مانای نادروستیی ڕوانگەی ستراکتۆری چینایەتیی بۆ کۆمەلگا نییە. هەروەک چۆن مانای ئاشکرابوونی پیلانێکی ئەهریمەنانەی پشت ڕێبازێکی لاف لێدەری هیومانیستیی نەبوو.

ڕەواج کردنی دیدی دووبەرەیی جیهان و دابەش کردنی بەسەر دوو بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا چەکێکی سیاسیی مەیدانەکانی شەڕ و ئیددیعایەکی غەرەزداری سیاسیی بوو. دابەشکردنێکی لەم چەشنە لە زەمینە فەلسەفییەکەیدا زیاتر تێکەلکردنێکە تا ئەوەی جیاکارییەک بێت. . ئێمە دەکرێ سەرهەلدانی دیاردەکانی ستالینیزم و نکۆلیی لە مافەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان و تۆتالیتاریزمی دەسەلات و مانەوەی ڕۆحییەتی زەوت کردن و ماڵ کردن لەناو بلۆکی شەرقییدا وەک دەرکەوتەگەلێکی ئەو غەریزە دەروونییەی مرۆڤ لێک بدەینەوە کە کۆمەلگای چینایەتیی بەرهەم هێنا. . بەرامبەر بەمەش دەکرێ ئەلگۆی سیستەمی دیموکراسیی کە بە درێژایی سالانی شەڕی سارد و ئێستاشی لەگەلدا بێت وەک ئەلتەرناتیڤی هاودژی مارکسیزم پیشان دەدرێ، دەکرێ وەک دەرکەوتنێکی تری خەونی عەدالەتخوازیی مارکسیزم و وەک دەستبەردارنەبوونی مرۆڤایەتیی لە کۆمەلگای بێ چین و یەکسان لێک بدرێتەوە تا ئەوەی نەموزەجێکی گومڕاکەرانەی داهێنراوی دەستی حاکمانی سەرمایەداریی بێت بە مەبەستی" پێشکەشکردنی لەبری ئازادیی واقیعیی"، وەک ئەوەی مەنسوور حیکمەت لە نامیلکەیەکیدا بۆی چووە.

www.kurdistannet.org

بەو پێیە کورت هێنانی ئەزموونی کۆمۆنیستیی لە ئەرزی واقیعدا دەبوو جێگەی ئەسەف و حەسرەتمان بووایە نەک شاگەشکە بوون و هەڵدانی پێکی سەرکەوتن.

باسی ئەوەی کە ئایا ئەو کورت هێنانە تێکشکان بوو لەسەر دەستی هێرشەکانی بلۆکی خۆرئاوا یان خەلەلی میتاپۆلیزمی ناوەکیی خۆی بوو، هیچێک لە بەهای هیومانیستیی ئەم تیورییە کەم ناکاتەوە. ئێمە نەمانزانی کە بۆ تەحقیق بوونی خەونی تەماحکارانەی ولاتگەلێکی بالادەستە ئاوا کەوتووینەتە هەلەکە سەما. ئێستاش ئەوەتا نیعمەتەکانی ئەو خەونە تەماحکارانانە لە بەرگی ئابووریی جیهانگیر و ئەو نەهامەتییانەی بۆی هێناوین لە جیهانی سەردەمدا دەبینین.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە دژایەتیکردنی ئایندارن بە گشتیی وبە تایبەت ئایندارانی ئیسلام بۆ مارکسیزم وەنەبێ لە ڕەخنەیان لە ناعادیل بوون یان نا ئینسانیی بوونی ئەو سیستەمی ئابووری _ کۆمەڵایەتییەوە بێ کە ئامانجی مارکسیزمە، یاخود ڕەخنەیەکی مەبدەئیی یان زانستییان بێت بەرامبەر بە ئەمری شۆڕشی کرێکاریی و کومەڵگای یەکسان، بەڵکو کرۆکی دژایەتییەکە تەنها بەرامبەر بە ڕوانگەی ئەپستمۆلۆژیی مارکسیزمە سەبارەت بە دیاردەی بوون، کە ناکۆکە لەگەڵ ڕوانگەی ئایینەکان. لێرەوە ئەتوانین پەی بە مۆتیڤی ئەسلیی بەشێکی گەورەی ئەو هێزە مەعنەوی و لە سەردەمانێکیشدا ماددی و عەسکەرییە بەرین کە کاریان بۆ ڕەش کردنی ئیدەی مارکسیی و ڕێگە تەخت کردن بۆ بازاڕی ئازاد و بۆ خەونە فراوانخوازییەکانی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست کرد تا بەسەر داروپەردووی بلۆکی ڕۆژهەلاتدا بپەڕێتەوە. ئەمەش ئەگەر شتێک بگەیەنێ تەنها قەڵب بوونی ئەو لاف و ڕیاکارییانە دەگەیەنێ کە گوایە شەڕ دژ بە بلۆکی ڕۆژهەلات شەڕی بەرەی ئازادیی و دیموکراسیی و مافی مرۆڤە دژ بە تۆتالیتاریزمی دەسەلات. کاتێکیش بە تەواویی دەرک بەو قەڵب بوونە دەکەین کە دەبینین وا دوو هێزی هاوخەباتی دوێنێی ناو سەنگەرەکانی شەڕی دژ بە بلۆکی شەرق، ئەمڕۆ بوون بە دوو جەمسەری هانتنگتۆنیی (ئەگەر تەعبیرەکە شیاو بێت) کە هەر یەک چەقۆ لە قڕ کردنی یەکجارەکیی بەرامبەرەکەی و سەرپاکی مەردوومەکەی پشتی دەسوێ.

لە نێو دیمەنی ئەم هەموو گوریس کێشییە خۆپەرستانەیەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی هاوچەرخ دەستی داوەتێ، دەبێ بەو ڕاستییە قایل بین کە ڕووی ڕەخنەگرانەی مارکسیزم و پارتە کۆمۆنیستییەکان و کەسایەتییە چەپەکان یەکێک لە ڕوخسارە جوانەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەن.

مەنسوور حیکمەت زۆر بە ڕوونیی دەرکی بەم ڕووە هیومانیستییەی مارکسیزم کردبوو، بۆیە ڕووی ڕەخنەگرانەی مارکسیزمی بە ئەنگیزەی سەرەکیی بۆ مارکسیست بوونی خۆی دەزانی بەر لە هەر باسێکی میکانیزمی گەیشتن بەو کۆمەڵگا فازیلەی مارکس جاڕی بۆ دا. هەر بۆیە پاش ناکام کەوتنەوەی ئەزموونی سۆشیالیزم لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، لە کاتێکدا ڕەشبینیی و هەستی نوشوست نزیک بە سەرپاکی ڕابەرە کۆمۆنیستییەکانی جیهانی داگرتبوو، ئەو یەکەمین ڕوویەکی بەرجەستەی ناو ئەو کەسە دەگمەنانە بوو کە داکۆکییان لە زیندوویی خەونی کۆمەڵگای یەکسان کرد. هەر لەو ماوەیەشدا بوو لە وەلامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا کە ئایا ڕوخانی بلۆکی شوورەویی هیچ بۆ باوەڕی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی ئەو ناگەیەنێ، دەڵێ : مارکسیزم بە لای منەوە

بیرۆیەکی فیکریی نییە، مارکسیزم زانستی ڕزگاریی مرۆڤە. . تا چەوساندنەوە و ستەم بمێنێ پێویستی ئامادەیی مارکسیزم هەر دەمێنێ. .

شایان بە ئاماژە پێ کردنە کە لە پاڵ نەقاوەتی سیاسیی و ئینسان دۆستیی ڕاستگۆیانەی مەنسوور حیکمەت، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی ئەم پیاوە ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریی و لێهاتوویی بوو لە بواری هێنانە ئارای ئەتروحات و تیوریزەی تازە بۆ وەلامدانەوە بەو پرسیارانەی ژیانی هاوچەرخ دەیهێنایە سەر ڕێی مارکسیزم. باسەکانی لەمەڕ مەسەلەکانی لەباربردنی منداڵ و مافی چارەی خۆ نووسینی میللەتان و دیموکراسیی دەکرێ وەک موساهەمەگەلێکی جیددی لە بواری فیکری سیاسیی هاوچەرخدا سەیر بکرێن.

مەنسوور حیکمەت سەرۆک حیزب و سیاسەتمەدارێکی ڕۆشنبیر بوو، لە کاتێکدا بەشی گەورەی سەرۆک حیزب و سیاسەتمەدارانی ئەم ناوچەیەی ئێمە غەرقی جەهلێکی بەرینن. ڕۆشنبیر و قەڵەم بە دەستێکی بە هەڵوێست و خاوەن پرۆژەیەکی ڕەخنەگرانە بوو، لە کاتێکدا چەردەیەکی زۆری ڕۆشنبیر و قەڵەم بە دەستانی ئەم ناوچەیەی ئێمە سەرکز و غەرقی ناو توورەهاتێکی فیکریی و سیاسیین کە دارێک ناخاتە سەر بەردێک، ئەمە ئەگەر لەوانە گەڕێین کە لە دەرباری دەسەلاتدا بوون بە ئیسکافیی ئەو ئەو دەلاقانەی دەکەونە سیاسەتەکانی حکومەتەکانیانەوە.

هەرچی بە ئێمەی کوردیش دەگەڕێتەوە دەبێ ئەو گەواهی یە بدەین کە لە کاتێکدا سەرکردە نەتەوەییەکانی ئێمە بە شەڕیان لەسەر دابەشکردنی غەنیمەتی سامان و داهاتی نیشتیمان خەریکی قووڵتر کردنەوەی برینەکانمان بوون، ئەوە مەنسوور حیکمەت بوو کە داڕشتنی ستراتیژی ڕزگاریی کوردی لە ستەمی میللی وەک ئەرکێکی جیددی خۆی وە ئەستۆ گرتبوو. بە مانەیەک ئەو زۆر ڕاستگۆ تر لە ڕموزە نەتەوەییەکانی خۆمان لە خەمی سارێژ کردنی برینەکانی جەستەی میللەتی کورد دا بوو. ئەو حیزبەشی کە لەسەر دەستی ئەو لە کوردستانی ئێمەدا دامەزرا، بە مانای ووشە حیزبێکی ڕەخنەکر و مولتەزیم بە بەرژەوەندیی خەڵکی بەش خوراو بوو.

دەرپەڕاندنی ئەو حیزبەش بە زۆری چەک لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە، کە پاشوەخت هەر جارە و بە شێوەیەک بەهانەتاشیی بۆ دەکرد، باجی سەرڕاستیی ئەم حیزبە خۆی بوو، کە ئەمە لە ڕۆشنبیرانی ئازادخواهی کوردی دەخواست لەسەر ئەو خۆ سەپاندنەی یەکێتی نیشتیمانی بەسەر ئازادیی سیاسیی کۆمەڵگادا" دنیایان هەڵگرتایە و دایان نەنایەتەوە"، نەک ئا بەو شێوە سامناکە قروقپی لێ بکەن.

تا ئێستا ئێمە کولتوری کوردیمان بە" زیندوو کوژی، مردوو پەرست" ناسیبوو، بەلام کاتێک پیاوانی ئاسایش پاش مردنیشی، ڕێ بە هەڵواسینی پۆستەری مەنسوور حیکمەت دەگرن و ئێمەش بێ نووزەین، ئەم فەنتازیایە بە ئەوجی خۆی دەگا.

2002 .07 .10

www.kurdistannet.org